

# ئەوانەی خەون نابینن چەند زوو ئەمرن

هەندرێن حەمەدەمین
Handren88@hotmail.com



بە سەما ساردەکانی ئاگر باوڕمەکەن
بەستنی دەریاکان
وەک
سڕبوونی مار وایە
ئەوەی بیەوێ
چرکەکانی تەمەنی
دابەشێتە
سەر گەڵاکانی بەهارێک
ئەبێ لە پەراوێزی هەموو ڕۆژێکدا
ئەستێرەیەک و
شەونمێک و
ڕەنگی گوڵێک بخوێنێتەوە
ئەوەی بیەوێ
خانەکانی لەشی
بە جوغرافیەی جیهانێک بکات
ئەبێ ئاسمانی خەونەکانی لە هەور بێت
بۆ بارینی خەیاڵ
خەیاڵ لە بەردەکانی بەر باران
بۆ پاک بوونەوە
لە روبارە نەپساوەکان
بۆ سوڕاندن
لە ماچەکانی خۆر و زەوی
بۆ لە دایک بوون
خەیاڵە تەڕەکان
لە باخچە تەڕەکان
ئاو لە ماچان ئەچۆڕێنن
هەناسە تەڕەکان
لە زەویە نەرمەکان
گوڵ ئەبارێنن
ئەم خەونانە لە کوێ دێن
وەکو گەڵا



له مرۆڤه پایزیەکاندا ئەوەڕێن
بۆ بەر پێی دێوەکانی بەفر
نووسەرێکی پیر
کۆیئەکردنەوە
بۆ ئاگردانی پیرەژنەکەی
شوانێک
بزنەکانی پێ ئەلەوەڕاند
سەرخۆشەکان
بە میز تەڕتریان کردن
هەر ئەوەندە مانەوە
تا لە هەناسەکانی خۆیاندا رزین
ئەمە گێڕانەوەی
منداڵە خەونێکە
لە ژووری تریاکخۆرێک خۆی شاردبووەوە
بە دوای بە بەهار کردنی خەونەکان ئەگەڕا
گۆرانی سەوزی بۆ وورده خەونەکان ئەگووت
چیرۆکە زەردەکانی
ئەکردە پەین
بۆ زەویە مردووەکان
بە قژی منداڵەکان
خەونەکانی ئەگواستەوە
لە جانتای قوتابیەکان
خەونەکانی ئەشاردەوە
خۆشی دۆگمایانە
ئەگەڕایەوە
بۆ تریاک و
منداڵگاکەی
ئەم بەسەرهاتە
چەندە کۆنە
هێندەش نوێیە
ئێستاش ماسیەکان
لە ناو ئەم خەونانەدا مەلە ئەکەن
باڵدارەکان
بە نێو ئەم خەونانەدا ئەفڕن
خشۆکەکان
بە سەر ئەم خەونانەدا ئەخشێن
جێ پێی داینەسۆڕەکان
لە زەوی ئەم خەونانەدا دۆزرایەوە
کەللە و ئێسقانی نیائەندرتال
لە ئەشکەوتی ئەم خەونانە بەجێ مابوو



گوڵەکان
ڕەنگیان لەم خەونانە وەرگرت
هەناسەکان
دەنگیان لەم خەونانە وەرگرت
ئەستێرەکان
لە ڕوناکی ئەم خەونانە گەشانەوە
ئەم خەونانە خۆریان گەرم کردەوە
زەوی
بۆ جوانی ئەم خەونانە لە خەلوەتە
وەرنە ژووری
لە دەرگا داخراوەکانی خەون
لە پەنچەرە گەورەکانی تەماشاکەن
ئەوانەی خەون نابینن چەند زوو ئەمرن
لە خەونە ناسکەکان توڕەمەبن
بەرگەی هەڕەشە ناگرن
فەزای خەونەکان بەتاڵکەن لە شەڕ
بەر لەوەی خەونەکان کۆچ ڕەوکەن
وولاتە بێ خەونەکان
بێ بارانن
بێ بارانن
بێ باران

١ی ١٠ی ٢٠٠٠